# چەپکە گوڵێ بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم



**سەباح ئیسماعیل**

محەمەدی مەلا کەریم ئەو ڕۆشنبیر و زۆر زانا (علامە)یەی کە لە دەرگای گەلێ بواری ڕۆشنبیری داوە و ئامادەیی بەردەوامی لە بوارەکانی ئەدەبدا، گەواهی بیرفراوانی و بەتوانایی ئەومان دەداتێ. ئەوەتا لە ساغکردنەوەی دیوانی (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی)دا ئەو سێ شاعیرەیان زیندوو کردۆتەوە و پلەی نەمرییان پێ بەخشیون. لە لێکۆڵینەوە ورد و بەپێزەکانیدا شەپۆلی دید و جیهانبینییەکی قووڵ بەرەو خۆیمان ڕادەماڵێ، لە وەرگێڕانیشدا مەلا شوکر ئاسا داهێنان دەخولقێنێ و ئەوە لە بیری خوێنەر دەباتەوە، کە دەقێکی وەرگێڕاو دەخوێنێتەوە، سەرەڕای ئەو زمانە بێ گرێ و گۆڵ و پەتی و پاراو و بە ئاب و تابەی خامەی ڕەنگینی پێ دەخاتە گەڕ. چیرۆکنووسی هەمە بەهرەی عێراقی (حەسەبوڵلا یەحیا) جوانی بۆچووە کە دەڵێت:

(محەمەدی مەلا کەریم نووسەرێکی گەورەی کوردە، ڕەخنەگران ئەو بایەخەیان پێ نەداوە، کە شایان بەو بێت، بیر ڕووناك و ڕەسەنە، شایانی ئاوڕ لێدانەوەیە).

بەڵێ ڕاستە، شایانی ئاوڕ لێدانەوەیە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕێکی دڵسۆزانە لەم نووسەرە ئینسایکلۆپیدییە لەخۆبوردو و ماندوونەناسەی ڕێگای سەختی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی کوردی بدەینەوە و پاداشتی ئەو ماندووبوون و دڵسۆزییەی پێ ببەخشین. جێگای خۆیەتی ڕوو لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، یاخود کۆڕی زانیاری کوردستان، یاخود یەکێتیی نووسەرانی کورد یا هەر دەزگایەکی ڕۆشنبیری دی بنێین، کە ئاوڕی پێزانین و دڵسۆزانە لەم دەزگا ڕووناکبیرییە بەخامە ساغ و بەجەستە ناساغە بدەنەوە و خەڵاتێکی شایان بە پایە و توان و ماندوبوون و شەونخوونییەکانی پێ ببەخشرێت. هەروەها هەڵسن بە کۆکردنەوە و چاپکردنی سەرجەم بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، ئەمە و جگە لەوەی دەبوو لە مێژ بوایا یەکێ لە زانکۆکانی وڵات بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێ ببەخشیبوایا، هەروەك چۆن گەلێ لە زانکۆکانی دنیا ئەمە پێڕەو دەکەن و بە کەڵەنووسەر و ناودارانی جیهانی دەبەخشن.

من بەشبەحاڵی خۆم، بە حوکمی نزیکی و هەستکردنم بەئەرك و ماندوبوون و هەڵوێستە جوانەکانی ئەو پیاوە، کە سەرلەبەری تەمەنی بۆبەرگریکردن لەڕاستی و لە مافی چەوساوەکان تەرخان کردووە، وا ئەمەم گوت و هەر بەخەیاڵی ئەو ڕێزلێنانەی لە داهاتوودا لە مامۆستا دەنرێت، چەپکە گوڵەکەم هەڵدەگرم و سەر لە حزووری مامۆستا دادەنوێنم و بەو پەڕی ڕێز و قەدرزانییەوە، چەپکە گوڵەکەی پێ دەبەخشم و هیوای داهێنانی زیاتر و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

---

٥ لە نامەیەکی (حسب الله یحییٰ)وە کە لە 2002/7/11 بۆ نووسەری وتاری ناردووە، وەرگیراوە.